# سەردانی سەرۆكی ئەمریكا بۆ خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و ئامانجەكانی

سیامەند




رۆژی سێ شەممە ١٨ ی بەفرانبار جورج بوشی سەرۆكی ئەمریكا سەفەرێكی حەوت رۆژەی بۆ خۆرهەڵاتی ناوەڕاست دەست پێ كرد. ئەو سەفەرەی جۆرج بووش بۆ ناوچەكە یەكێك لە پرباس ترین و گەرم ترین هەواڵی هەواڵدەریەكانی جیهانی بوو، لەگەڵ ئەوەشدا یەكێك لە سەفەرە پڕ لە باسەكانی ماوەی حەوت ساڵ سەرۆك كۆماری جورج بووش بوو. سەفەری ئەم جارەی جورج بووش و مەبەستەكانی،بە یەكێك لە هەوڵ و كارەكانی سیاسەتی خارجی دەوڵەتی ئەمریكا و سەرۆك كۆمارەكەی بژمێردرێ بەتایبەت ئەو هەل و مەرجەی كە ئێستا باڵی بەسەر وەزعی سیاسی ناوچەكەو جیهان كێشاوە و دەوڵەتی ئەمریكا لەگەڵی رووبەروە، سەردانی جورج بووشی گرینگ تركردوە. دەوڵەتی ئێستای ئەمریكا تەنیا ١١مانگی لە بەردەم ماوە تا گەڵاڵە وسیاسەتەكانی ئەوەندەی فریادەكەوێ جێ بەجێ بكا. دیارە سەردانی سەرۆكی ئەمریكا بۆ خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بۆ دوو مەبەستی تایبەت بوو یەكەمیان گەرم داهێنانی ووت و وێژی ئاشتی نێوان فلستینیە كان و ئسرائیل بوو كە بە دوای كۆبوونەوەی ئاناپۆلیس لە ئەمریكا گۆرانێكی بەرچاوی بەسەر داهاتبوو. سەردانی جورج بووش بۆ ناوچەكە لە ئیسرائیلەوە دەستی پێ كردوو ناوبراو جارێكی دیكە پشتیوانی بێ ئەملاوئەولای بۆ ئیسرائیل دووپات كردەوەو لەگەڵ ئەوەشدا داوای كرد ئاشتی نێوان فلستین و ئسرائیل بەجیددی دەست پێ بكاتەوە. هەر دوای سەفەری بۆ ئیسرائیل سەرۆكی ئەمریكا بۆ یەكەمین جار سەردانی فلستینی كردو لەگەڵ بەرپرسانی دەوڵەتی فلسطین كۆبۆوە و پشتیوانی لە پێكهاتنی دەوڵەتی سەربەخۆی فلستین دەربری. ئەگەرچی خاڵی یەكەمی ئامانجی سەفەری سەرۆكی ئەمریكا تەنیا بە ووتووێژ و كۆبوونەوە لەگەڵ سەرۆك و دەسەڵاتدارانی فلستینی و ئیسرائیلی كۆتایی پێ نەهات بەڵكو ناوبراو لە درێژەی سەفەرەكەیدا كێشەی فلستین و ئیسرائیلی لەگەڵ سەرۆك و دەسەڵاتدارانی وڵاتانی كەنداوی فارس و هەروەها سەرۆكی میسر درێژە پێ دا. بەڵام باس كردنی كێشەی فلستین و ئیسرائیل لەگەڵ سەرۆك و ئەمیری وولاتانی كەندا و میسر خاڵ و مەبەستی دووهەمی سەرۆكی ئەمریكا لە سەفەر بۆ خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بوو. مەبەستی دووهەمی سەفەری جورج بوش، هاندانی وولاتانی كەنداوی فارس بوو، بۆ هاوكاری كردنیان لە ڕووبەڕو بونەوە لە بەرانبەر سەرەڕۆییەكانی ڕژیمی ئاخوندی كە نمونەی بچوكی ئەو سەرەڕۆییانەی رژیم پێش لە سەفەری سەرۆكی ئەمریكا لەلایەن بەلەمەكانی سپای پاسداران بەرانبەر كەشتیەكانی ئەمریكا لە تەنگەبەرایی هوورمز رووی داو نزیك بوو روبەروبونەوەی سەربازی و شەڕی لێ دروست بێ. ئاشكرایە رژیمی ئێران بە جیددی هەوڵ بۆ ئالۆزكردنی وەزعی سیاسی و دامەزراویی لە وولاتانی كەنداوی فارس دەداو لە رێگەی بەكرێگیراوانیەوە لەو وڵاتانە و زۆرجار ئالۆزی دروست كردوە. دەست تێوەردانی رژیم لە وولاتانی كەنداوی فارس و هاندانی شیعە مەزهەبەكان لە هەمان كاتدا هەوڵەكانی بۆ دروست كردنی بۆمبی ئەتۆمی وای كردوە دەسەڵاتدارانی عەرەب دەسەڵاتی ئاخوندی بە هەڕەشە بۆ سەر ئەمنیەت و ئاسایشی سیاسی و ئابوری خۆیان بزانن و لەگەڵ ئەوەی كە ڕوودانی جەنگێكی نوێ لە ناوچەكەدا بەزیان دەبینن. بەڵام مەترسیەكانیان لە بوونی دەسەڵاتی پڕكێشە و پاوان خوازی ئاخوندی لە ئێران دا وای كردوە لەگەڵ سیاسەت و هەڵوێستەكانی ئەمریكا بەرانبەر ئەورژیمە یەك بن و ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ هاوهەڵوێستی سیاسەت و گەڵاڵەكانی ئەمریكا بكەن بەرانبەر ئەو رژیمە. هەرچەند ژمارەییك لەدەسەڵاتدارانی كەنداو بەڕاشكاوی پشتیوانی خۆیان لە هەڵوێستەكانی ئەمریكا بەرانبەر رژیمی ئاخوندی دەرنەبڕیوە، بەڵام بەحرەین ڕاشكاوانەتر لە وڵاتانی دیكەی كەنداو پشتیوانی لە هەڵوێستەكانی ئەمریكا بەرانبەر رژیمی ئێران كردوەو و تەنانەت بڵاو كرایەوە بانكێكی گەورەی بەحرینی پێوەندی دراویی لەگەڵ رژیم بریوە.

بێ گومان ئەگەر جورج بووش لە مەبەستی یەكەمی سەفەرەكەی واتە گەرم داهێنانی ئاشتی لەنێوان فلسطین و ئیسرائیل بە ئاكامێكی ئەوتۆ نەگەیشتبێ و نەی توانیبێ پێش كەوتن وەدەست بێنێ بە پێچەوانەوە، زۆربەی هەرەزۆری مەبەستەكەی لە ڕووبەڕوو بونەوەی ڕژیمی ئاخوندی، وڵاتانی عەرەبی بۆ هاوكاری لە كاتی هەرنەوعە هەڵوێستێك لەبەرانبەر رژیمدا رازی كردووە و دەكرێ بڵەین لەو پێوەندییە دا سەركەوتنی وەدەست هێناوە. ئەوە جیاواز لەوەی كە سەرۆكی ئەمریكا توانیویەتی چەندین ڕێكەوتنی ئابووری لەگەڵ وڵاتی كەنداو ئیمزا بكا و لە هەمان كاتیشدا توانیویەتی هێندێك خۆشەویستی خەڵكی ئەمریكا بۆ حیزبی كۆماری خوازەكان بگێڕێتەوە كەئەوەش كاردانەوەی دەبێ لە سەر ئاكامی هەڵبژاردنەكان كاریگەردەبێ لە سەر خۆشەویست بونی پاڵێوراوی كۆماری خوازەكان هەڵبژاردنەكانی سەرۆك كۆماری ئەمریكا. بێ گومان جورج بووش سەرۆكی ئەمریكا یەكێك لە سەركەوتوترین سەفەرە سیاسیەكانی لە ماوەی سەرۆكایەتی كۆتایی پێ هێناو لە هەمان كاتدا لە هەوڵە سیاسیەكانیدا لەپێناو تەریك خستنەوەی زیاتری رژیمی ئاخوندی و دروستكردنی كۆدەنگی لە بەرانبەر ئەو رژیمەدا سەركەوتوو بوو. دیارە دەبێ چاوەڕوان بین و بزانین لە ماوەی چەندمانگ باقیماوەی تەمەنی دەوڵەتی جۆرج بوش، ئەمریكا چ هەنگاوێكی دیكە هەڵدەگرێ و سەرۆكی ئەمریكا، بڕیار و گەڵاڵەكانی بە چ شێوەیێك جێبەجێ دەكا.

# باسێك لە كۆیلە و كۆیلە داری لە ناو گەلان و لەلای دەسەڵاتداران

كۆیلە داری رێ و شوێنێكی باو بووە لە ناو گەلان دا لە كۆنی كۆنەوە، چونكە بەرهەمی جەنگ بووە وە جەنگیش لە سەرەتای كۆمەڵگەی ئادەمیزادەوە بووە وە بەرنامە و رەفتاری گەلان و كۆمەڵگایان لە راست كۆیلە داری لەو پەری توندی و سەختیدا بووە تا ئەو پلە كە لە هێندێ وەڵات كۆیلە مافی بە ئەندازەی سەگ و پاتاڵ نەبووە. دەمانەوێ شێوەیێكی بچكۆلە لە شێوە ژیانی كۆیلە و رەفتار لەگەڵیدا لە رۆژگارانی جیاوازدا و پاشان لە ئیسلام دا بۆ خوێنەران باس بكەین پاڵاوتەیێك لە شێوە ژیانی كۆیلە لە هەموو شارستانیە كۆنەكان دا پێشكەش بكەین.

## كۆیلەداری لە ناو كۆنەكان دا

### میسریەكان:

میسریەكان كۆیلەیان بە كەلوپەلی بەرهەم هێنان دادەنا یان كەرەسەیێكی جوانی و دەسەڵات نواندن. پاشاكان و رێبەرە ئایینیەكان و پیاوماقووڵان كۆیلەی زۆریان ڕادەگرت بۆ جوانیی دەورووبەریان و بۆ كار پێ كردن. كۆیلەكان كەمترین مافی كۆمەڵایەتیان نەبوو ئاغاكەیان لە راست كۆیلەكان ئازاد بوو هەرچی بكا، كۆیلەكەی ڕاگرێ یان بیكوژێ، بەڵام ئەو دڵ ڕەقیە ووردەووردە بوو بە دڵنەرمی كە وەزعی كۆیلە گەیشتە ئەوە كە عەداڵەت لە راستیان بكەوێتە كار وە قانوونی میسریان بڕیاری دا هەر كەس كۆیلەیێك بكوژێ دەبێ بكوژرێتەوە

### هێندیەكان:

هێندیەكان بەرنامەیان ئەوە بوو كە كۆیلە تەنیا بۆ خزمەتی بەرەهمەنەكان ( رێبەرە ئایینیەكان ) خەلق كراوە چوونكە ئایینی بەرەهمەنی كۆمەڵی كردۆتە چوار بەش. بەشی یەكەمیان بەرەهمەنەكانن و چوارەمین بەشیان چینی (سۆدرا)كان واتە كۆیلەكانن ( سۆدرا) كان تەنیا بۆ خزمەتی بەرەهمەنەكان و بۆ خۆشیی ئەوان دروست بوون جا ئەگەر بەرەهمەنێك كۆیلەكەی ئازاد كردایە، لە كۆیلایەتی ئازاد نەدەبوو، بەرەهمەنێكی تر دەی كێشاوە ژێر بار.

قانوونەكانیان ڕێی دەدا ـ سۆدرا ـ لە سەر هەر هەڵەیێك بكوژرێ، ئەگەر رێ بكەوتایە كۆیلە جنێوی بە یەكێك لە بەرەهمەنەكان بدایە یان بەیەكێك لە چینی دووهەم یان سێهەم، سزای كوشتن بوو بە ناخۆشترین شێوە كە زمانی دەر دەهێنراو دەبڕدرا وە ئەگەر سۆدرا ــ باسی یەكێك لە بەرەهمەنەكانی بە ناشیرینی بكردایە سزاكەی ئەوە بوو كە خەنجەرێكی بیست و پێنج سانتی سوورەوەبوو بە ناو دەمیدا دەكرا. وە ئەگەر دەم درێژی بكردایە لە رێ نوێنی و ئامۆژگاریی بەرەهمەن دا سزاكەی ئەوە بوو دەم و گوێی پڕكرێ لە رۆنی داخ. وە ئەگەر پڕكێشی بكردایە شتێكی لە یەكێك لە بەرەهمەنان بدزیایە، سزاكەی ئەوە بوو كە بە زیندوویی بسووتێندرێ وە ئەگەر پڕكێشی بكردایە جنێوی بە دادوەرێك بدایە، سزاكەی ئەوە بوو كە لەشی بە سیخی سوورەوە بوو سیخ ئاژن بكرێ و لەشی لە سەر ئاوور ببرژێندرێ.

### فارسەكان:

فارسەكان لەو گەلانە بوون كە كۆیلەداریان زۆر دەكرد لە بەر خۆشگوزەرانی كە تێیدا بوون وە بە پێی قانوونیان پاشاكەیان بۆی نەبوو لە سەر هەڵەیێك زێدە رۆیی بكا لە سزای كۆیلەكەی دا بەڵام ئەگەر كۆیلەكە جارێكی تر بگەڕایەوە سەر هەڵەكەی دوای ئەوە كە سزای درا بوو لە سەری، بۆی هەبوو بیكوژێ.

### چینیەكان

چینیەكان لە باری قانوونیەوە بۆیان بوو هەر جۆرێك ئارەزوویان بوو وا رەفتار لەگەڵ كۆیلەكانیان بكەن بەڵام لە باری خوو دەرونیەوە زێدەرۆییان نەدەكرد لە پێشێل كردنی مافی كۆیلەكانیان وە لە چەرخی یەكەمی زایینی دا چەند بڕیارێك دەرچوو كە دەبێ رەفتار لەگەڵ كۆیلەكان بە چاكی بكرێ.

### عیبرانیەكان:

عیبرانیەكان لە یۆنانیەكان و رۆمیەكان بەرەحم تر رەفتاریان لەگەڵ كۆیلەكانیان دەكرد پیاوی عیبری كەنیزی بە ژنیەتی دەگرت وە وا بوو كۆیلەی پیاو، كچی خاوەنەكەی خۆی مارە دەكرد.

### یۆنانیەكان:

یۆنانیەكان زۆر زۆر كۆیلەیان بەسووك تەماشا دەكرد، وە فەیلەسوفەكانیشیان لەوەدا لەگەڵیان دەرۆیشتن، تەنانەت ئەرەستوو گەورەترین عەقڵی سەردەمی كۆن، كۆیلەی بەكەل و پەلی گیاندار، یان كاڵاییێكی گیاندار، دادەنا وە رەگەزی ئادەمیزادیان بە دوو بەش دادەنا، (ئازادەكان و كۆیلەكان). یۆنانیەكان جیاوازیان دادەنا لە نێوان ئەو گەلانەی كە بە جەنگ ژێر دەستیان دەگرتن و دەیان كردنە كۆیلە، وە لەنێوان ئەو كۆیلانەدا كە لە بازارەكاندا دەیان كڕین. دەستەی یەكەم كۆیلە بوون چۆنی كۆیلە هەیە، بەڵام سەر بەزەوی و زارەكەیان دەفرۆشران و دەكڕدران لەگەڵ ئەرزەكانیان. ئەو كۆیلانەی كە لە بازار دەكڕدران لە ژێر ویست و پێ خۆش بوونی ئاغاكەیان دابوون هیچ قانوون وداب و نەریتێك نەی دەپاراستن. ئاتن بازارێكی گەورە بوو بۆ كۆیلان، دەكڕدران نەك هەر بۆ خزمەت بەڵكوو بۆ كرێكاری و وەرگرتنی كرێكەیان.

یۆنانیەكان ئەگەر هەموو بەهرەیێكیان لە كۆیلەكانیان وەرنەگرتایە بەوەندە بەسیان دەكرد كەنێوچاوانی تاوانبارەكانیان داخ دەكرد و ناچاریان دەكردن كە بەرداشەكانیان لە بری پاتاڵ بۆ بگێڕن. وە لە وەڵاتی یۆنان كۆیلەی ئازاد كراو بوون بەڵام هیچ حەقێكی كۆمەڵایەتیان نەبوو، وە وەك پاتاڵ بوون وە لە سەریان بوو ئەركی دیاری كراو بۆ ئاغاكانیان بە جێ بهێنن تاماون.

### رۆمیەكان:

رۆمیەكان رێگەی زۆریان بۆ كۆیلەگرتن هەبوو، گەلانی ژێر دەستیان بە كۆیلە دەزانی، وە هەر منداڵێك لە كەنیزەكانیان ببوایە كۆیلە بوو، وە لە قانوونیان دا ماددەیێك بووكە مرۆڤی پێ لە ئازادی دەكەوت و دەبوو بە كۆیلە، وە دیلە جەنگییەكان لە رۆم دەفرۆشان بە نرخێكی كەم وە منداڵیان دەرفاند بۆ فرۆشتن و ژنیان دەرفاند بۆ كەنیزی. رۆمیەكان بازرگانی كۆیلەیان بە كارێكی نزم دەزانی، بەڵام واش بە گەرم خەریكی ئەم بازرگانیە دەبوون ، چونكە قازانجی زۆری تێدا بوو، وە دەچوون كۆیلەكانیان لە سەر بەردێكی بەرز رادەگرت تا خوازیار ببیینێ ، ئەمجار كێ پتری بدایە بەو دەگەیی.

كۆیلە لەلای رۆمانیەكان هیچ حەقێكی نەبوو، بەڵكو بەكەل و پەل تەماشای دەكرا. ئاغاكەی بۆی بوو رایگرێ و بۆی بوو بیكوژێ و كەس لێی نەدەپرسیەوە. سزای كۆیلان ئەوە بوو كە پێوەندی ئاسنیان لە پێ دەكردن، وە ناچاریان دەكردن زەوی بكێڵن یان بەلاق هەلیان داوەسین، شتی قورسیان بە دەستیانەوە دەبەستن و بەتوندی لێ یان دەدان تا گیانیان دەدا. ووردەووردە بەزەییان پێداهاتن ، قانوون دەركرا كە دەبێ چاك رەفتاریان لەگەڵ بكرێ ، تا گەیشتە ئەوە نووسرا: هەر كەس كۆیلە بكووژێ بە قاتڵ و تاوانكار دەناسرێ.

### كۆیلەداری لە لای فەرەنگیەكان:

كۆیلەداری لە لای هۆزە فەرەهەنگیەكان كە بنەرەتی فەرانسەییەكانن لەو پەڕی ئازار و ناخۆشی دابوو، تا ئەندازەیێك كە قانوونیان دەیگوت ئەگەر ئازادێك، كەنیزێك بەژنی هەڵبژێرێ ئەویش دەبێتە كۆیلە وەك ئەو، وە ئەگەر ژنێكی ئازاد شوو بە پیاوێكی كۆیلە بكات ئەویش ئازاد نامێنێ ، هەر بۆیە هۆزەكانی ( ئەلویز نغوت) سەخت دژی ژن و مێردایەتی ئازاد و كەنیزیان بوون.

دەقی قانوونیان دەیگوت ئەگەر ژنی ئازاد شوو بە كۆیلەكەی خۆی بكات ، سزاكەی ئەوەیە كە دەبێ بە زیندووی پێكەوە ئاگر درێن، هەروا هۆزەكانی ( ئیسترو غۆت) قانوونەكەیان دەیگوت هەر ژنێكی ئازاد شووی بە كۆیلەیێك بكردایە دەبوو بكوژرێ.

### كۆیلەداری لەچەرخەكانی دوایی دا:

كۆیلەداری لە ناو گەلانی چەرخەكانی دوایی دا باو بوو تا نیوەی چەرخەی ١٩هەم، پاشان گەلان بڕیاریان دا نەمێنێ و هەڵگیرا، بەڵام بەر لە نیوەی چەرخی ١٩ كە كۆیلەداری باوبوو ژیانی كۆیلە زۆر سەخت و دژوار و ناخۆش بوو، تەنانەت كە تەمەدون و شارستانیەت بەرەو پێش چوو، هیچ بارێكی لە سەرشانی كۆیلەكان سووك نەكرد، وە قانوونێك كە سەبارەت بە كۆیلە دەردەچوو لەناو گەلان دا، پێیان دەگووت قانوونی ڕەش. بەپێی قانوونی ڕەشی فەرانسە كە ساڵی ١٦٨٥ دەرچوو، ڕەش پێست (قول) دەست درێژی كرد بۆ سەر ئازادێك یان دزی كرد، سزای دەدرێ بە كوشتن یان ئازاری بەدەنیی تر وە ئەگەر كۆیلە هەڵات لەبەردەستی ئاغاكەی جاری یەكەم و دووهەم سزادەدرێ بە بڕینی هەر دوو گوێی و بە داخ كردن بە ئاسنی سوورەوەبوو وە جاری سێهەم كە هەڵات

بۆ لاپەرەی ٧